دێرین
DÊRÎN

خاوەنی ڕۆژنامە : کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان

سەرنووسەر : بێستون سابوراوایی

جێگری سەرنووسەر : کاکە عەبە

ژمارە : (4) - هەینی 2006/10/20 28ی ڕەزبەر 2706

ڕۆژنامەیەکی پێشمەرگانەی گشتییە

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دووهەفتە جارێك دەریدەکات

خوێندنەوەی ژیرانەی دوێنێ.. ناسینی ئەمڕۆ.. بەرهەمهێنانی سبەی.

# بەرەو کۆنگرەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان

بە مەبەستی ئامادەکاری دەربارەی بەستنی یەکەم کۆنگرەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، ڕۆژی 10/11 سەرۆك و جێگرانی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی بالا، لەگەل دەستەی بەڕێوەبەرانی لقەکانی (سلێمانی، هەولێر، کەرکوك، دهۆك، شارەزوور، گەرمیان و ڕاپەڕین) کۆبوونەوە.

سەرەتا بەدەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی شەهیدان و پێشکەشکردنی وتەیەك لەلایەن کاك جەمیل هەورامی سەرۆکی کۆمەلە، کۆبونەوەکە دەستیپێکردو پاشان تیشکی خستە سەر گرنگی بەستنی کۆنگرەو پێداچونەوەی ئەو کاروبارانەی، کە لە ڕابردوودا بۆ پێشمەرگەی دێرین ئەنجامدراوە.

سەرۆکی کۆمەڵە داوای لە ئامادەبوانیشکرد سەرنج و پێشنیازەکانیان لەو بارەیەوە بخەنە ڕوو.

دواتر درێژەیان بە گفتوگۆداو بەشێك لە کارنامەی کۆنگرە گەلالە کرا.

قسەکردن لەسەر ڕاگەیاندن، بوە دواتەوەری کۆبونەوەکەو، لە ئەنجامدا کۆڕایەك دروستبوو لە هاوکارێکردن و زیاتر گرنگیدان بە ڕاگەیاندنی کۆمەلەی پێشمەرگە دێرینەکان.



## کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان بەشداری کۆنفرانسی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی کوردستانی کرد

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی(٦/١٠/٢٠٠٦)، شاندێکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، کەپێکهاتبوون لە بەڕێزان (جەمیل هەورامی) سەرۆکی کۆمەڵەو مام جەوهەر ئەندامی ئەنجومەنی باڵاو (کاکە عەبەو کاك بەهجەت کاکەیی) و شاندێکی ڕاگەیاندنی کۆمەلە بەشداری کۆنفرانسی کۆمەلەی پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبی شیوعی کوردستانیان کرد، کە لەژێر دروشمی (هەولدەدەین بۆ جێبەجێکردنی ماف و داخوازی پێشمەرگە دێرینەکان لەمافی خانەنشین و شوێنی نیشتەجێ بوون و ژیانێکی شایستە بۆیان) وتاری کۆنفرانسەکە لەلایەن (هاوڕێ حەمەرەشید قەرەداغی) هەروەها وتاری مەکتەبی سیاسیش لەلایەن (مامۆستا عەلی زەنگەنە) خوێندرانەوە بروسکەکانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان و دەزگای ئەیلول خوێندرانەوە ، بۆل٢

## بە گیانی پێشمەرگانەوە پشتیوانی هەموو هەنگاوێکی نەتەوەیین

ناوەندی چاك- بۆ دووبارە نەبوونەوەی کارەساتی ئەنفال و سزادانی تاوانبارانی هاوکار لەم تاوانە ناوەندی (چاك) بە بانگەوازێك داوای لە گشت مرۆڤێکی خاوەن هەلوێست و خەمخۆر کرد بەشداربن لەبەردەم دادگای بالا لەشاری دانهاخ، دەربارەی پێداچونەوە بە دۆسیەی دادگایی (فرانس ڤان) کە ناوبراو وەك هاوکارێکی تاوانکار لە جینۆسایدی خەلکی کورد بەشداری بووە وبەم تاوانەش سزای 15 ساڵ زیندانی درا. بۆ ئەم مەبەستەش ئێمەی پێشمەرگەی دێرین وەك نەریتی هەمیشەیمان و وەك ئەکێکی نەتەوەیی ئامادەبونمان وەك خەباتێکی بەردەوام بە پێویست زانی، لە هەمان کاتدا سوورین لە سەر هاوپشتیمان بۆ هەر هەنگاوێك کە خزمەت بە کێشەی ڕەوای گەلەکەمان بکات.

لەم ڕوانگەیەوە داوا لە گشت پێشمەرگەیەکی دێرین دەکەین کەبە هەمان گیانی پێشمەرگانە بەشداری کارایان هەبێت لە تەواوی ئەو کۆڕو کۆبونەوانە کە خزمەت بە دۆزی گەلەکەمان ئەکەن

**کۆمیتەی پێشمەرگە دێرینەکان**
**( هۆلەندە )**

## سەلاح زواوی نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی هەرێم و سەرۆك کۆماری عێراق کرد

PNA – ڕۆژی یەکشەممە 2006/10/15 باڵیۆزی فەلەستین لەتاران، (سەلاح زەواوی) نامەیەکی ڕەسمی ئاراستەی هەر یەك لە بەڕێزان مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جەلال تالەبانی سەرۆك کۆماری عێراق کردو تیایدا داوای لێبوردنی لێکردوون لەسەر قسەکانی (ئیسماعیل هەنیە)ی سەرۆك وەزیرانی فەلەستین.

هەروەها لە نامەکەدا ناوبراو ڕێزو ستایشی بۆ خەباتی پێشمەرگەکانی کوردستان دووپات کردووەتەوە.

## نەبونی عەقل و لۆژیك، لە وتارەکەی ئیسماعیل هەنیەدا

ئیسماعیل هەنیەی سەرۆك وەزیرانی فەلەستین و یەکێك لە سەرکردەکانی گروپی حەماسی دەسەلاتدار، ڕۆژی 7ی ئەم مانگە لێدوانێکی داو سەرشێتانە هێرشی کردەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

هەنییە کە خۆی خاوەنی گروپێکی توندرەوە، پێشمەرگەی ماندووی ڕێگای ئاشتیو ئازادی بە چەتەو باند لەقەلەمدا.

ئەم لێدوانە لەکاتێکدایە کە ڕۆژبەرۆژ بارودۆخی حکومەت و گەلی فەلەستین ڕوبەرووی ئالۆزی و کێشەی ناوخۆیی دەبێتەوە، کەچی لەباتی هەولدان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانیان بەرێگەی پەیدا کردنی دۆست و هاوکاری دەرەکی، دێن و هەلەی لەو جۆرە دەکەن.

ئاشکرایە ئەو لێدوانە نا عەقلانیە، تۆزقالێك نابێتە هۆی گەرداویکردنی لاپەرە سپیەکانی خەباتی پێشمەرگە وناوە پیرۆزەکەی، لەبەرامبەردا زەربەدانێکە لە خەباتی گەلی فەلەستینی ، بەوەی دۆستێکی دێرینی لێدەکاتە نەیار.

شۆڕش و پێشمەرگەی کورد بەئاشکراو سەربەرزانە دەیان ساڵ لە پێناو ئامانجێکی پیرۆزو شەرەفمەند، کە خۆی لە ڕزگار کردنی خاکی کوردستانی داگیرکراو دەبینیەوە، خەباتی کردووە.

لەوماوە دوورودرێژەشدا تەنها جارێك ڕوینەداوە ڕەشەکوژی کوێرانە بەرامبەر خەلکی مەدەنیودامەزراوەکانی خزمەتگوزاری ئەنجام بدات، تەنانەت گیانی ئەو سەربازو تاوانبارانەشی دەپاراست، کە لە شەرەکاندا بەدیلی دەیگرتن.

هەمیشە دۆستایەتی گەلانی ژێردەستی داگیرکەرانی کردووە، بەفەلەستینیشەوە. لە پێناو ئازاد بوونی فەلەستیندا چەندین ڕۆلەی کورد خۆی بەشەهید کردنداوە.

پێشمەرگە شەرعیەتی لە پەتەکەی ملی پێشەوا قازی و ڕووبارێك خوێنی شەهیدان و چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە وەرگرتووە، هەر بۆیە قۆناغ بەقۆناغ یاسا نێودەولەتیەکان و ولاتانی ئازادیخواز ڕەوایەتی پێداوە، تاکو گەیشتە ئەو ئاستەی کە بۆ سەقامگیری ئاشتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا، بیکەن بە هەوێن.

کەواتە لێدوانەکەی ئیسماعیل هەنییە تا سەر ئێسقان نامەنتیق ونا ڕاستە، دژی بنەماکانی ئاشتی و پێکەوە ژیانی گەلانیشە لەناوچەکەدا.

نەگبەتی خەلکی فەلەستین لەوەدایە( هەنییە) سەرۆکایەتیان دەکات، ئەو بەرەو پێشچونانەی کەلەماوەی زیاتر لە 50 ساڵی خەباتیان بەدەستیان هێنابوو، بەهاتنە سەرکاری حەماس چووە ڕۆخی تیاچونەوەو، ئەو کۆمەکە داراییە زۆرەشیان لە کیس چوو، کە بەردەوام ئەمریکا پێی دەبەخشین.

یاخودئەو حکومەتەش کە پێکیهێناوە، بۆی بەڕێوە ناچێت و ماوەی 6 مانگە نەیتوانیوە مووچە دابین بکات، لەئەنجامیشدا سەرگەردانی وململانێی ناوخۆیی کەوتۆتە نێو ولاتەکەیان، کەئەمەش لە قازانجی ئیسرائیلە.

باشتر وایە هەنیە و سەرکردایەتی حەماس بەخۆیاندا بچنەوەو لە پێناو بەدیهاتنی ئامانجەکانی خەلکی فەلەستین، تا زووە واز لە فەرمانڕەوایەتی و ئەو سیاسەتە چەوتە بهێنن.

**ئاوات کۆکەیی**

## لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی (ی.ن.ك) سەردانی لقی هەولێری کۆمەڵەی کرد

ڕۆژی 2006/10/6 هەڤاڵ (سەعدی ئەحمەد پیرە) لێپرسراوی مەلبەندی (3) ڕێکخستنی هەولێری ی.ن.ك لەگەل هەڤالانی مەلبەند سەردانی بارەگای کۆمەلەی پێشمەرگە دێرینەکانی/ لقی هەولێری کرد، کەلە لایەن بەڕێز لێپرسراوی لقی هەولێری کۆمەلەو گشت ئەندامانی لقەوە پێشوازی لێکرا، لەم دانیشتنەدا باسیان لە ڕەوشی ئێستای کوردستان و ئەو هەلبژاردنانەی کەلە گشت مەڵبەندو کۆمیتەکان بەگیانێکی برایانە لەکەشێکی دیموکراسیانەدا بەڕێوە چوو، لەتەوەرێکی تردا لێپرسراوی لقی هەولێری کۆمەلەی پێشمەرگە دێرینەکان، ئاماژەی بەرۆلی خەبات و ماندووبونی ئەو کادیرانە کرد کە لەڕۆژانی سەختدا ئەندازیارو بنیاتنەری بناغەی شۆڕش بوون ئەمرۆش دەبێ گەنجەکان لەناو ڕێکخستن و ئیدارەی حکومەتدا درێژە بەخەبات بدەن و گیانی نوێبونەوەشیان پێوە دیار بێت. لە کۆتاییدا بەڕێز بەکر صدیق خۆشحالی خۆی بۆ ئەو سەردانەی بەڕێز لێپرسراوی مەلبەند دەربڕی و بەرزی نرخاند.

## پیرۆزبایی

بەبۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانەوە. کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان پیرۆزبایی لەسەرجەم کۆمەلانی خەلکی کوردستان بەگشتی و پێشمەرگە دێرینەکان بەتایبەتی دەکات. هیوای جەژنێکی خۆش و پڕ لە کامەرانیان بۆ دەخوازێت.

## نیو سەدە بەسەر کۆچی دوایی مەلیکی کوردستان تێپەڕی

ڕۆژی 1956/10/9 لە نەخۆشخانەی حەیدەری لەشاری بەغدا شێخ مەحمودی حەفید، یەکەم مەلیکی کوردستان کۆچی دوایی کرد. لەرێو ڕەسمێکی شکۆمەندا تەرمەکەی گەیاندرایەوە سلێمانی، کە تاماوەیەك پایتەختی حکومەتەکەی بوو. بەو بۆنەیەوە لەشاری سلێمانی، یادی نیو سەدە لەسەر کۆچکردنی شێخی گەورە بەرز ڕاگیرا و کەنالەکانی ڕاگەیاندن گرنگیەکی زۆریان پێدا.

## لەماڵپەڕی پێشمەرگە دێرینەکاندا دێرین بخوێنەرەوە

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان بو بەخاوەنی سایتی خۆی و ئەوەی زانراوە ئەم سایتە ئێستا کاری تەکنیکی لەسەر دەکرێت بۆزیاتر ڕازاندنەوەی ماڵپەرەکەو دەوڵەمەند کردنی. ئیتر لەمەودوا پێشمەرگە دێرینەکان لەهەر شوێنێکی دونیادابن دەتوانن بابەتەکانیان لە ڕێی ئەم سایتە بۆمان بنێرن.

WWW.P-Dereen.com

